# حزب و کۆمەڵگا یان حزب و هێشتنەوەی جیاوازی چینایەتی

بژار

هاورێ مەنسور کە بە دەوری دەسەلآتدا تەوەرە دەبەستێت و دەیەوێت حزبەکەی لەم بارەیەوە بە هەنگاوی گەورە بڕواتە پێشەوە , چینی کرێکار بە ئامڕاز و سۆشیالیزمیش بە دوا قۆناغ دیاری دەکات . مەسەلەی ڕاگوزاری قۆناغی سۆشیالیزم و پاشکۆ پێکردنی حزب بۆ چینی کرێکار ناهێنێتە ئاراوە . مەسەلەکە لەوێوە سەرچاوە ناگرێت کە هاورێ مەنسور ئاگاداری ڕاگوزاریی سۆشیالیزم نەبێت , بەڵکو دروست کردنی حزب بۆ گرتنی دەسەلآتی سیاسی و دامەزراندنی سۆشیالیزم , بە کردەوە جێگیر کردنی کۆمەڵگای سۆشیالیزم و لێسەندنەوەی خاسیەتی تێپەڕ بوونیەتی بۆ کۆمۆنیزم . مەسەلەی دامەزراندنی سۆشیالیزم کارێك نییە کە هەڵبگیرێت بۆ سبەینێ و هەر دەبێت سبەینێ دەستی بۆ ببرێت . خەباتی هەمەلایەنەی ئەمرۆ و کۆمەڵگای سبەینێی سۆشیالیزم لە یەکتری داناب‌ڕێن . دابڕینی ئەم دوانە لە یەکتری لادانە لە مارکسیزم و وەرگرتنی ئاراستەی پێچەوانەیە بە لۆژیك . بەلآم بەستنەوەی خەباتی چینایەتییانەی ئەمرۆ و سبەینێی سۆشیالیزم بە یەکەوە , لە ڕێگەی کردەیی " عەمەلی " کردنەوەی سۆشیالیزمەوە دەبێت بۆ کۆمۆنیزم . ئەگەر ئەم سیانە ( خەباتی چینایەتییانەی کرێکاران و کۆمەڵگای سۆشیالیستی و حاڵەتی نەوەستان و تێپەڕ بوونی بۆ کۆمۆنیزم ) لە کاری تەشکیلاتی ئەمڕۆدا بۆ خەباتی سیاسی کۆمۆنیستەکان بە خاڵی دەست پێکردن وەرنەگیرێت , ئەوا قسە کردن لە ئازادی و یەکسانی و حوکومەتی کرێکاری , دەبێتە محاڵ و هەڵفریواندنی کۆمەلآنی خەڵك و هەڵپەی ڕابەرایەتی بۆ دەرکەوتن و دەسەلآت وەرگرتن و پارێزگاری و بردنە پێشەوەی بەرژەوەندییە کەسییەکان . ئەگەر لە ناو حزبدا ئازادی و یەکسانی بۆ ئەندامان دابین نەکرێت , ئازادی لە ڕا دەربڕین و هەڵسوڕاندا و یەکسانیش لە دەسەلآتدا , یانی ئەو حزبە نەیتوانیوە سیمای چینی کرێکار لە خۆی نیشان بدات و جێگای متمانەی ئەمڕۆی خەڵك بێت بۆ دامەزراندنی سبەینێی سۆشیالیزم . دابین کردنی ئەم شێوەیە لە ئازادی و یەکسانی لە بناغەدا ناکۆکە لەگەڵ ناوەندێتی سەرەوە و زنجیرە مەراتیبدا . هەر بوونی ئەم ناکۆکییەشە کێشمە کێشە ناوەکییەکان لە ناو حزبدا دروست دەکات . هەمووسیکتاریزم و گرووپ چێتی و پاوان خوازییەك لە دەسەلآتدا , جگە لەوەی بەرئەنجامی ئەو کەتوارە بابەتییە " واقیعە مەوزوعییە " یە , پەردەپۆش کردنی ئەو کێشمە کێشە بناغەیی و چینایەتییەی نێوان ئەندامان و ڕابەرایەتیشە . وە لەم حزبانەدا بەو هۆیەوە کە ناوەندێتی سەرەوە و زنجیرە مەراتیب , دوو توخمی بنەڕەتی و هەرە کارای پێکهاتنی حزب و سیستمی کار کردنن , هەمیشە لە ململانێی نێوان ئەندامان و ڕابەرایەتیدا , ئەندامەکان دۆڕاو و ڕابەرایەتییەکان براوەن . کەواتە هەڵپە کردنی چەپی ڕۆشنبیر و مارکسیستەکان بۆ گەیشتن بە دوایین ئۆرگانی دەسەلآتدارێتی لە حزبدا , لە پێداویستیی بارودۆخی ناوەکییانە و نا کرێکاری بوونەکەوە هاتووە . حزبێك کە لە ناو خودی خۆیدا , جیاوازی لە نێوان دوو لایەندا و " ڕابەرایەتی و ئەندامان " بالآدەستیی یەکێکیان بە سەر ئەوی تریاندا داسەپێنێت , یانی بە

کردەوە چەوساندنەوە لە ناو خۆیدا بە فەڕمی دەناسێت . حزبێك کە خاڵی دەست پێکردن و بناغەی کاری بە فەڕمی ناسینی چەوساندنەوە بێت , خەبات کردنی بۆ لابردنی چەوساندنەوە لە سەر ئاستی کۆمەڵگا دەبێتە خەیاڵێکی ڕووت . ئەم کەتوارە بابەتییەیە کە زیاتر لە سەد ساڵە حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ڕەوانەی پەراوێزی کۆمەڵگا کردووە و دەیکات . واتە ئەم حزبانە لەوێوە ڕەوانەی پەراوێزی کۆمەڵگا نەکراوون کە نەیان ویستووە دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرن , بەڵکو ڕێك لەوێوە بووە کە ئامڕازێکی بێ سەمەریان بۆ خەباتێکی چینایەتی گەورە خستووەتە گەڕ . بێ سەمەریی ئەم ئامڕازە کە حزبە ناگەڕێتەوە بۆ لاوازیی خودی ئامڕازەکە , بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆك بوون و نەهاتنەوەی لەگەڵ ئەو شێوەیە لە خەباتی چینایەتی . یانی ئەم ئامڕازە , حزب , تەنیا بۆ چینی بۆرژوا بەهێز و کارایە , چونکە بەرهەمی چینایەتییانەی ئەو و گونجاو بە شێوەی خەباتیەتی بۆ دابین کردنی کۆمەڵگا و داسەپاندنی دەسەڵاتەکەی بە سەریدا . هاوڕێ مەنسور لە باسەکانیدا دەستی نەبرد بۆ ئەم گرێ کوێرەیە . هەوڵی گۆڕینی ئەم ئامڕازەی نەدا . نەچووە پای هێنانی ئاڵوگۆڕی چینایەتییانە بە سەریدا . لە جیاتی ئەوەی گرفتەکە لە بنەڕەتەوە هەڵتەکێنێت و لەوێوە چارەسەری بکات , پاساوی تیۆری دەهێنایەوە بۆ بەردەوام بوونی . ئەو خۆی وەك مارکسیستێك بە ئێمە دەڵێت کە دەبێت دیاردە لە ناوەوە ببینین , کەچی خۆی دیاردەی حزب لە دەرەوە دەبینێت . ئەو نەیتوانی بۆ خزمەت بە چینی کرێکار پەی بە یاسا ناوەکییەکانی حزب ببات , بۆیە لە دووتوێی هەڵە مێژووییەکەی هاوڕێ لینین دا " دامەزراندنی ئەم شێوەیە لە حزب بۆ چینی کرێکار " دەسووڕایەوە و گرفتەکانی بە تیۆرریزە کردن بۆ کۆمۆنیستەکان گەورەتر دەکرد . هاوڕێی خۆشەویستمان هەرچەند مارکسیستێکی بە توانا بوو , بەڵام بە داخەوە ئەو ناڕۆشنییانەی کە لە مارکسیزمدا هەیە , توانای ئەمیشی کۆنترۆڵ کردبوو . ئەوەندەی جێگای پەی پێ بردن بێت " لانی کەم بە لای منەوە " دوو ناڕۆشنی لە مارکسیزمدا بوونی هەیە . یەکێکیان چۆنیەتی تێپەڕ بوونی سۆشیالیزمە بۆ کۆمۆنیزم و ئەوی تریشیان نەدۆزینەوەی ئامڕازی ڕێکخراو کردنی چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵکە بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی سۆشیالیزم " سۆشیالیزم وەك قۆناغێکی گواستنەوە نەك جێگیر " .
هاوڕێ مەنسور نەك ڕۆشنایی نەخستووەتە سەر ئەم دوو ناڕۆشنییە , بەڵکو لە بەستنەوەیاندا بە یەکترییەوە تاریکتری کردوون . ئەو لێرەدا وەك کەسێکی ئەفلاتونی بە تێزێکی تری مارکسەوە , ئەم دوو ناڕۆشنییەی بە یەکەوە گرێداوە . مارکس کە لە مانیفێستی کۆمۆنیست دا باس لە پێشڕەویی کۆمۆنیستەکان دەکات بۆ چینی کرێکار , هەرگیز بە مانای دەسەڵاتداریێتی ئەوان نییە بەسەر چینەکەدا . ئەم ناڕۆشنییانەی کە لە مارکسیزمدا هەیە , لای خودی مارکس ئاوا ناڕۆشن نەبووە . بەڵام زۆریی باسەکان و سەرقاڵ بوونی خۆی و کورتی تەمەنی , بواری نەدا بە مارکس بۆ ڕۆشن کردنەوەی زیاتر . هاوڕێی خۆشەویستمان هاتووە ناڕۆشنییەکان بە ئاراستەیەکی پێچەوانە بە میتۆدی فکری مارکس بە یەکەوە گرێ دەدا . یانی جێگیر بوون بۆ سۆشیالیزم و بەکار هێنانی ئامڕازی چینی بۆرژوا بۆ خەباتی چینی کرێکار و داسەپاندنی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان بە ناوی پێشڕەوییەوە بە سەر چینی کرێکاردا , دەبەستێتەوە بە

یەکەوە و لە یەك بۆتە " قالب " ی تیۆریدا پێکەوە دایان دەڕێژێت . پێداگرتن لە سەر ناڕۆشنی بە ئاراستەی پێچەوانە بە ماتەریالیزمی مێژوویی , هەرگیز بە مانای ڕۆشن بوونەوە نەهاتووە . مارکس نە کۆمۆنیستی بە دەسەلاّتدار بە سەر یەکتری و چینی کرێکارەوە داناوە و نە لەم شێوە حزبەشی بۆ چینی کرێکار پێشنیار کردووە و نە سۆشیالیزمیشی بە جێگیر داناوە . کەچی ئەمانە هەموویان لە باسە تیۆرییەکانی هاوڕێ مەنسوردا بە کردەوە خۆیان گەلاّلە دەکەن و ناڕۆشنییەکان لە سەر بناغەی ئەو دژە ئاراستەیە بە دایلەکتیك , لێڵتر دەکەن . جێگۆڕکێی چینایەتییانە بە دەسەلاّت " لە بۆرژواوە بۆ کرێکار " و لەوەش واوەتر چەق پێ بەستنی لە دەستی حزبێکی بچوکدا و کۆنترۆڵ کردنی ئەو حزبەش لە لایەن گرووپێکی چەند کەسییەوە بە ناوی ڕابەرایەتییەوە , نەك هەر دامەزراندنی حوکومەتی کرێکاری و بە دەست هێنانی ئازادی و یەکسانی بۆ کۆمەلاّنی خەڵکی ستەمدیدە لێ ناوەشێتەوە , وە نەك هەر نامۆیە بە میتۆد و فکری مارکس , بەڵکو هێنانە بەرهەمی دامودەزگایەکی سەرکوتیش دوایین قۆناغی خەباتی دەبێت .مارکس نەهاتووە فەلسەفەی مادیی بە فەلسەفەی میسالی ئەفلاتوون موتوربە بکات و لە تێزی دانانی کۆمۆنیستەکان بە پێشڕەوی چینی کرێکار , کۆمارەکەی ئەفلاتوون بە ناوی سۆشیالیزمەوە بێنێتە دەرەوە . دانانی کۆمۆنیستەکان وەکو بەشی پێشڕەوی چینی کرێکار لە لایەن مارکس ەوە تەنیا ناسینیانە وەکو بەشی هۆشیار کەرەوە و ڕێ پیشاندەر و ڕێکخەری چینەکە . کۆمۆنیستەکان مرۆگەلێکن کە ئاشنان بە خاسیەت و خەبات و ئامانجی چینی کرێکار . ئەمە جگە لەوەی کە کۆمۆنیستەکان لە ڕووی تیۆرییەوە و بە کردەوەش چینی کرێکار وەك یەك چینی جیهانیی دەناسن . هەموو جۆرە تێگەیشتنێك و پێناسە کردنێکی ئەو مەقۆلەیەی مارکس بە باری گوێزانەوەی دەسەلاّتدا بۆ کۆمۆنیستەکان , لادانێکی ئاشکرایە لە مارکسیزم و لێڵ کردنێکی ناڕەوای فەلسەفەی مادی و فکری مارکس خۆیەتی . کۆمۆنیستەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشی هۆشیار کەرەوە و ڕێکخەری چینەکەن , تەنیا وەك بەرجەستە کەرەوەی هۆشیاری چینایەتی خودی چینەکە و سەراپا کردنەوەی بەرزترین ئاستی ڕێکخراوی چینایەتییان دەتوانن ڕێ پیشاندەریان بن . مادی بوونی فەلسەفەی مارکس بۆ ڕۆڵ گێڕانی کۆمۆنیستەکان لە ناو چینەکەیاندا لێرەوەیە . واتە هۆشیاری لە مێشکی کۆمۆنیستەکانەوە دەر ناکێشێت و وەکو بەخشین بە چینی کرێکاری پێشکەش ناکات . گەلاّلە بوونی بیر کردنەوەی ئەوانیش " کۆمۆنیستەکان " لە بارەی ئامرازی خەباتەوە ناکات بە میکانیزمی ڕێکخستنیان . کۆکردنەوە و هەوێن پێ گرتنی " گیرساندنی " پلەکانی هۆشیار بوونەوە و ڕێکخراو بوونی چینەکە خۆی , دەبێت بە ئەرکی ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستەکان . پێشڕەو بوونی کۆمۆنیستەکان بە مانای ڕێ پیشاندانە . ڕێ پیشاندانیش بە مانای سەرتاپا کردنەوەی بەرزترین ئاستێکە لە هۆشیار بوونەوە و ڕێکخستنێك کە خودی چینەکە خۆی لە مێژووی خەباتی چینایەتیدا گەیشتوویەتێ . هەموو جۆرە تیۆرڕیزە کردنێك بۆ دەسەلاّتدان بە کۆمۆنیستەکان لە خەباتی چینایەتییاندا , بە مانای موتوربە کردنی ئایدیالیزمە بە ماتەریالیزمەوە . ئەوەی حزب و خەبات و ئەمرۆی شۆڕش و سبەینێی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم بە یەکەوە دەبەستێتەوە , مەسەلەی دابین کردنی ئازادییە بۆ ئەندامان . دابین کردنی ئازادی بۆ ئەندامان , بە مانا مادییەکەی

یەکسانییە لە دەسەلاتدا . ئەم ووتەیەی مارکس " کۆمۆنیستەکان پێشرەوی چینی کریکارن" بەو بارە مادییەیدا کە لێکم دایەوە , ناکۆکە بە سیستمی هەڵسووڕانی حزبیی . ناکۆکە بەو ڕاڤە نا ماتەریالی و قاڵب پێ گرتنە فەلسەفییەی کە بە سەریدا سەپێنراوە . ناکۆکە بەو حاڵەتە نا کرێکارییەی کە تا ئێستا لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا بۆی بەکار هێنراوە . هەموو جۆرە ئاڵوگۆڕ پێ کردنێکی فەلسەفییانە بەم ووتەیەی مارکس , کە لە مەیدانی ماتەریالیزمی مێژوویی دەری بکات و دایلەکتیکی لێ دابماڵێت , دەچێتە خانەی خزمەت کردن بە چین و توێژە نا کرێکارییەکان و دەشبێتە ئامرازی هەڵفریواندن و سەرکوتیش بە دوایدا . ڕاڤە کردنێکی ماتەریانەی ئەم ووشەیە بۆ کاری تەشکیلاتیی , لە حزبێکدا بەرجەستە دەبێتەوە کە خاوەنی ئازادی ئەندامان و یەکسانی بێت لە دەسەلاتدا . وە تەنیا پەیدا بوونی ئەم حزبەیە کە ئەو ووتەیەی مارکس بە کردەوە مادیی دەکاتەوە . وە هەر ئەم حزبەشە کە دەتوانێت بە کردەوە ئامرازی خەبات بێت بۆ چینی کرێکار و ڕێ پێشاندەری شۆڕشی کۆمەلایەتی و دامەزراندنی سۆشیالیزم بێت " سۆشیالیزم بە مانا ڕاگوزارییەکەی " . ئێستا ئیتر ڕۆشنە کە پەیوەندییەکی دایلێکتیکانە لە نێوانی ئەو ووتەیە " مەقۆلەیە " ی مارکس و حزبی بەرینی چینی کرێکار و کۆمەڵگای ڕاگوزاری سۆشیالیزمدا هەیە . کۆمۆنیستەکان کۆمەڵگای سۆشیالیستی بە فەرمی دەناسن و دەزانن کە کۆمەڵگایەکی نا جێگیر و ڕاگوزارە , وە هەڵوەشاندنەوە و تێپەڕ بوونی بۆ کۆمۆنیزم , یەك پێداویستی مێژوویی سەرجەم مرۆڤەکانی جیهانە . کەواتە حزبێك کە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ڕاگوزار و هەڵوەشاوە دروست بکرێت , دەبێت خۆیشی لەو کۆمەڵگایەدا ڕاگوزار و هەڵوەشاوە بێت . بەلام ئەگەر چینی کرێکار لە شۆڕشی کۆمەلایەتی خۆیدا بۆ دامەزراندنی سۆشیالیزم , میکانیزمەکانی هەڵوەشاندنەوەی خۆی و کۆمەڵگا سۆشیالیستییەکەی هەڵگرتبێت , دەبێت ئامرازی خەباتە چینایەتییەکەشی کە حزبە , هەمان میکانیزمی هەڵوەشاندنەوەی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت . ئەگەر چینی کرێکار لەگەڵ بە دەسەلات گەیشتنیدا , میکانیزمی هەڵوەشاندنەوەی دەسەلاتی هێنابێتە دەرەوە , ئەوا حزبەکەشی دەبێت لە ڕاگەیشتنیدا بە دەسەلات ئەو میکانیزمی هەڵوەشاندنەوەی دەسەلاتەی هێنابێتە دەرەوە . ئەوەی کە ئێستا و لەم بوارەدا ناکۆکییەکە دروست دەکات , ئەوەیە کە چینی کرێکار لە ژیانی ڕۆژانە و خەباتی چینایەتیدا ئەو میکانیزمانەی خستووەتە ڕوو " ناوەندێتی خوارەوە و ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی و یەکسانی لە دەسەلاتدا " , بەلام ئامرازی خەباتەکەی " حزب " هیچ یەکێك لەو میکانیزمانە ناخاتە دەستوری کاریەوە . کەواتە ئەم شێوەیە لە حزب " هەموو حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی " کە خاسیەتی ڕاگوزاری و هەڵوەشاندنەوە لە خۆی پیشان نادات , نەك هەر ناکۆك دەبێت بە کۆمەڵگای سۆشیالیستی , بەڵکو لە سبەینێی دەسەلاتیشیدا ئەو خاسیەتی تێپەڕ بوونە لە سۆشیالیزم وەر دەگرێتەوە . یانی لە جیاتی ئەوەی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا , کۆمەڵگای سۆشیالیستی دەگونجێنێت لەگەڵ خۆیدا . کەواتە ئەم حزبانە , بەدەر لە هات و هاواری ڕابەرایەتییەکانیان , بە کردەوە سۆشیالیزم بە کۆمەڵگایەکی جێگیر و تێپەڕ نەبوو لە قاڵب دەدەن و خۆیشیان بە خاوەنی دامودزگاکانی دەسەلاتداریەتی . حزبێك کە تەنیا بۆ وەرگرتنی

دەسەلأت دروست بكرێت , ناتوانێت هێشتنەوەی جیاوازی چینایەتی بە فەرمی نەناسێت . هەموو جۆرە دەسەلأتێك لە هەر شوێنێكدا بێت و لە هەر كاتێكدا بێت , جیاوازی چینایەتی لەگەلدایە . هەموو جۆرە هاوار كردنێك بۆ لە ناو بردنی جیاوازی چینایەتی ( لە لایەن هەچ ڕابەرێكەوە بێت و بە هەچ ڕادەیەكیش لە دلسۆزی و نیاز پاكییەوە بێت ) ئەگەر لە حزبدا میكانیزمەكانی نەخرێتە ڕوو , , ئەوا لە هەلفریواندنی خەلك زیاتر شتێكی تری لێ ناكەوێتەوە . هاوڕێ مەنسور حزبێكی دامەزراندووە و دەیەوێت پێشڕەوی چینی كرێكار بێت و سۆشیالیزمی پێ بێنێتە دی . دەیەوێت بەم حزبە دەسەلأتی سیاسی بۆ دامەزراندنی ئەم كۆمەلگایە " سۆشیالیزم " بە دەستەوە بگرێت . دەیەوێت مرۆڤەكان بباتە دونیایەكەوە كە ئازادی و یەكسانی تیایدا بەرقەرار بێت . ئەم نیاز پاكی و خەباتگێڕی و مرۆڤ دۆستییەی هاوڕێ مەنسور جێگای ڕێز و ستایشە , بەلأم ئەوەی كە جێگای نیگەرانییە , خودی ئەو حزبەی هاوڕێ مەنسور لە بنەڕەتەوە ناكۆكە بەو ئامانجەی بۆی دیاری كراوە . ئاخر سۆشیالیزم كۆمەلگایەكی ڕاگوزارە , حزبەكەی ئەم ڕاگوزار نییە . سۆشیاتیزم بۆ هەلوەشاندنەوەی دەسەلأتە , حزبەكەی ئەم بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلأتە . سۆشیالیزم لە بنەڕەتدا جیهانی یە , حزبەكەی ئەم لە بنەڕەتدا لۆكالییە . سۆشیالیزم هەلأواردن بۆ ئەندامانی كۆمەلگا بە فەرمی ناناسێت , حزبەكەی ئەم هەلأواردن " جیاوازی نێوان ئەندامان و ڕابەرایەتی " بە فەرمی دەناسێت . سۆشیالیزم لە پێناوی كۆمۆنیزمدا دادەمەزرێت , حزبەكەی ئەم لە پێناوی سۆشیالیزمدا دادەمەزرێت . سۆشیالیزم میكانیزمەكانی هەلوەشاندنەوەی خۆی دەخاتە ڕوو ( ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی , یەكسانی لە دەسەلأتدا " بۆ ئەندامانی كۆمەلگا نەك بۆ چینەكان " , گشتی كردنەوەی مولكایەتی تایبەتی , لابردنی كاری كرێگرتە ), حزبەكەی ئەم میكانیزمەكانی مانەوەی خۆی دەخاتە ڕوو ( ناوەندێتی سەرەوە , زنجیرە مەراتیب , دیسپلینی حزبیی ) . بێگومان هەبوونی حزبی لەم جۆرە , چونكە لە بنەڕەتەوە ناكۆكە بە سۆشیالیزم , لە سبەینێی شۆڕشی كرێكارانیشدا بۆ سۆشیالیزم , دەبێتە ڕێگری هەرە كارای بەرپا بوونی ئەو كۆمەلگایە . وە لە جیاتی بردنی ئەو كۆمەلگایە بەرە و كۆمۆنیزم , دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەرمایەداری . لە بەردەم سۆشیالیزمدا دوو ڕێگە هەیە نابێت بە سیان , یان چوون بۆ كۆمۆنیزم یان گەڕانەوە بۆ سەرمایەداری . كۆمەلگای سۆشیالیستی ناتوانێت بالأنسی خۆی لە نێوان ئەو دوانەدا " سەرمایەداری و كۆمۆنیزم " ڕابگرێت . بە هەر ڕادەیەك لە هەركامێكیان دوور بكەوێتەوە , یانی بەو ڕادەیە لەوی تریان نزیك بووەتەوە . چەق پێ بەستنی كۆمەلگای سۆشیالیستی " وەكو كۆمەلگایەكی سەربەخۆ " بە دەوری خۆیدا , بۆ تەنیا ساتێكیش تواناگر نییە " لە توانادا نییە " . یانی دامەزراندنی حزب بۆ بەرپا بوونی سۆشیالیزم , بە بێ ڕەچاو كردنی خاسیەتی تێپەڕ بوونی بۆ كۆمۆنیزم و نیشاندانی كردەیی بوونەوەی ئەم خاسیەتی تێپەڕ بوونە لە حزبەكەدا , سەنگەر گرتنە لە سۆشیالیزمی ڕاگوزار . هەموو وەستانەوەیەكیش لە بەرانبەر تێپەڕ بوونی سۆشیالیزمدا بۆ كۆمۆنیزم , بە كردەوە گەڕاندنەوەیەتی بۆ سەرمایەداری . لە ڕاستیدا سەرمایەداری وەكو سیستمێكی ئابووری –سیاسی –كۆمەلأیەتی , گەرای لە دایك بوونەوەی خۆی دوای شۆڕشی كرێكاری , لە حزبەكانی بزووتنەوەی كۆمۆنیستیدا داناوە . گەرای لە دایك بوونەوەی " دروست

کردنەوەی " سەرمایەداریش لەم حزبانەدا , ناوەندێتی سەرەوە و زنجیرە مەراتیبە . ئەگەر زیاتر کورتی بکەمەوە دەڵێم نەبوونی ئازادی ئەندامانە . کەواتە گەڕاندنەوەی سبەینێی سۆشیالیزم بۆ سەرمایەداری , لە نەبوونی ئەمڕۆی ئازادی ئەندامانەوە دەست پێدەکات . وە نەبوونی ئازادی ئەندامان لە ئەمڕۆدا , یانی سەرنەکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی لە سبەینێدا . هەڵەی هاوڕێ مەنسور و لادانی لە مارکسیزم ( لە باسە تیئۆرییەکانیدا دەربارەی حزب ) لە پیادە نەکردنی ئەم میتۆدەدایە . لە دامەزراندنی حزبدایە بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم نەك کۆمۆنیزم . لە تەوەرە بەستنیایەتی بە دەوری جێگیر کردنی چینی کرێکاردا لە کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا , نەك هەڵوەشاندنەوەی . جێگیر بوونی چینی کرێکار وەکو چینێکی خاوەن دەسەڵات لەو کۆمەڵگایەدا لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی خۆیدایەتی وەکو چینێك . مانەوەی چینی کرێکار وەکو چینێك " با دەسەڵاتیشی بە دەستەوە بێت " یانی مانەوەی چەوساندنەوەی خۆی . بەو ڕادەیەی خۆی وەکو چینێك هەڵدەوەشێتەوە , بەو ڕادەیە چەوساندنەوە لە سەر خۆی و تەواوی مرۆڤایەتی لا دەبات . هەڵوەشاندنەوە , یەك خاسیەتی کۆمەڵایەتی کرێکاران و یەك ئامانجی سیاسی نزیك و دووریەتی . هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری و دوای ئەویش سۆشیالیسزم . هەڵوەشاندنەوەی جیاوازی چینایەتی و لەوێشەوە هەڵوەشاندنەوەی چینەکان و خۆیشی وەکو چینێك لە کۆمەڵدا . هەڵوەشاندنەوەی سنووورە جوگرافییەکانی دەسەڵاتداریەتی " بە سنووورە جوگرافییەکەی دەسەڵاتداریەتی خۆیشیەوە " . یانی هەڵوەشاندنەوە بە مانا فەلسەفییەکەی سیمای چینایەتییانەی کرێکاران لە خەباتی ڕۆژانەیدا دیاری دەکات . هەڵوەشاندنەوە میکانیزمێکی ئەسڵیی خەبات و بردنە پێشەوەیەتی . ئەگەر ئامرازی خەباتی چینایەتییانەی کرێکاران , حزب , فاکتەری هەڵوەشاندنەوە لە پێکهاتن و سیستمی کار کردنیدا دابیین نەکرێت , یانی ڕۆیشتن بە ئاقارێکی چینایەتی تردا و وەرگرتنی ئاراستەیەکی پێچەوانە بە خەباتی سیاسییان . بۆ ئەوەی ئامرازی خەباتی چینایەتی , حزب , خاسیەتی هەڵوەشاندنەوە لە خۆ بگرێت , دەبێت خاڵی لێوە دەرچوونی تێڕوانینی سیاسییانەی ئەو بۆ خەباتی چینایەتی , کۆمۆنیزم بێت نەك سۆشیالیزم . یانی ئامانجی دیاری کراو بۆ حزب دەبێت کۆمەڵگایەکی نا چینایەتی بێت نەك چینایەتی . وەرگرتنی کۆمەڵگای سۆشیالیستی بە ئامانجی دووری حزب , یانی پشت کردنە هەڵوەشاندنەوەی جیاوازی چینایەتی . یانی خەبات کردن بۆ ژیانێکی باشتر لە چوارچێوەی مانەوەی جیاوازی چینایەتیدا . ئەمەش لە باشترین حاڵەتدا بە مانای ڕیفۆرم دێت . کەواتە خەبات کردن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆشیالیستی , خەبات کردنە بۆ چاکسازی نەك نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی . خەبات کردنی ئەسڵیی کرێکاران بۆ کۆمۆنیزمە نەك بۆ سۆشیالیزم . حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ڕاستیدا حزبەکانی بزووتنەوەی سۆشیالیستیین. حزبەکانی بزووتنەوەی ڕیفۆرم و مانەوەی جیاوازی چینایەتین . حزبەکەی هاوڕێ مەنسور یش وەکو هەموو حزبێکی دیکەی بە ناو کۆمۆنیستی , هەر حزبی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و حزبی هێشتنەوەی جیاوازی چینایەتییە . چونکە خاوەنی هەمان ناوەندێتی سەرەوە و زنجیرە مەراتیب و دیسپلینی حزبی یە . هەمان هەڵاواردن , جیاوازی , لە ڕیزەکانیدا بەرقەرارە . دەسەڵات خوازی , نەك نەهێشتنی

دەسەڵات , وەك حزبەکانی تر هەمان ئامانجی نزیك و دووریەتی . هیچ نیشانەیەك بۆ نەهێشتنی دەسەڵات , بۆ نەمانی جیاوازی چینایەتی , بۆ تێپەڕاندنی سۆشیالیزم , لە حزبەکەی هاوڕێ مەنسور دا دیار نییە . خەتەری حزبەکەی هاوڕێ مەنسور و حزبەکانی تری بزووتنەوەی بە ناو کۆمۆنیستی لەویادایە کە حزبی گەڕاندنەوەی سۆشیالیزمن بۆ سەرمایەداری . حزبی زنجیر ئاڵاندنن لە دەست و قاچی کرێکاران لە دوای شۆڕشی کۆمەڵایەتییان . حزبی وەستانەوەن بە دژی ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی و یەکسانی لە دەسەڵاتدا . حزبی پیادە کردنی سەرکوتن لە دوای وەرگرتنی دەسەڵاتەوە . بەدەر لە ئیرادە و خواستی ڕابەرەکانیشیان , حزبەکان هەر بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن . ڕابەرەکان با مارکسی یش بن , هێشتا ناتوانن حزبەکان بە دوای خۆیاندا کێش بکەن . نەك هەر ئەوەندە بەڵکو حزبەکان ئەوانیش بە دوای خۆیاندا کێش دەکەن . مەبەستی من تاوانبار کردنی هاوڕێ مەنسور نییە بەوەی کە مارکسی نەبووە . من لە مارکسی بوونی ئەو گومانم نییە , بەڵکو مەبەستم لە نەهاتنەوەی میتۆدی کار کردنیەتی , کە لە حزبدا بەرجەستە دەبێتەوە , بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و دامەزراندنی سۆشیالیزم . مەبەستم لە دەزگای بیر کردنەوەی ئەوە بۆ تێگەیشتنێکی پێچەوانە لە ئامڕازی خەباتێکی چینایەتی کە بۆ کرێکارانە . مەبەستم لە درك نەکردنی چینایەتییانەی ئەوە بۆ گەیشتن بە کۆمۆنیزم .

2006-03-06

**ماویەتی**